هەرسە سەرکایەتییەکە باس لە هەڵبژاردن وەڵامی خور عەبدوڵا دەکەن



هەر سێ سەرکایەتییەکەی عێراق لەسەر سێ خاڵ ڕێکەوتن و یەکێك لەخاڵەکانیش ئەوەیە کە سەرکایەتی کۆمار و حکومەت و پەرلەمان، ئەو سکاڵایانە دەکشێننەوە کە پێشکەشی دادگای فیدراڵیان کردوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران کەدستی موتەبع کوتوو تیایدا هاتووە، ئەمە سێشەممە لە کۆشکی بەغدا هەریەك لە د. عەبدولەتیف ڕەشید سەرۆك کۆمار، محەمەد شیاع سودانی و مەحمود مەشهەدانی سەرکی پەرلەمان کۆبونەوە، لە کۆبونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە و پێویستی پاراستنی ئەو دۆگایە کرا کە حکومەت بۆ پاراستنی عێراق لە مەترسییەکان و پاراستنی ئاسایشی وڵات دیاریکردوە.
هەرسە سەرکایەتیەکە باسیان لە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و پاڵپشتیان لە هەنگاوەکانی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە لە واده‌ی دیاریکراوی 11ی (تشرینی دوەم/11)ی 2025.
لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەرسە سەرکایەتیەکە باسیان لە دڵکەوتننامەی دکخستنی

کەشتیوانی لەخۆرعەبدوڵا کرد، کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەپێی یاسای (42)ی ساڵی 2013 پەسەندکرا، دادگای باڵای فیدراڵیش بڕیاریدا کە نیسابی فەرمی بۆ یاسادانانەکەی نادەستوورییە، بەپێی بڕیارەکەی لە کەیسی ژمارە (105/ یەکگرتوی 194/ فیدراڵی/ 2023).

بەپێی راگەیەندراوەکە لەکۆبونەوەکەدا رێکەوتن لەسەر ئەم سێ خاڵە کراوە:

یەکەم:
پێویستی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گرتنەبەری ڕۆشوێنی یاسایی پێویست، بەگوێرەی بڕیاری دادگای فیدراڵی کە داوای دوبارە دەرکردنەوەی یاسایی پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکەی خورعەبدوڵا دەکات بە شێوەیەکی دروست.

دووەم:
سەرکایەتی کۆمار و نوسینگەی سەرۆك وەزیران داواکارییەکانی خۆیان بۆ دادگای فیدراڵی بکشێننەوە، بەو پێیەی دوای تەواوبونی پرۆسەی یاسادانان پێویستیی هەڵوەشاندنەوە بونی نەماوە.

سێیەم:
دوپاتکردنەوەی پابەندبونی عێراق بە ڕێککەوتنەی نێودەوڵەتییەکان و میساقەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان.